# بەراوردێک بکەن!

باوکی سیار

**تا ئێستا چەندین کەس و لایەن بەو ئاقارە قسەیان لەسەر دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم کردووە، کە گوایا زۆرن و پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق، دیکتاتۆر دروستدەکات. گریمان ئەوە وایە، لێ چۆن ئەو پرۆژەیە دیکتاتۆر دروست دەکات؟ لە کوێدا دەسەڵاتی سەرۆک زۆرە؟ هەروا کەسیش ئەو زەحمەتەی نەداوەتە بەرخۆی، بەراوردێک لەنێوان پرۆژەکەی خۆمان و دەستووری وڵاتانی تردا بکات.**

لەکاتێکدا هەندەی من بزانم، چەند وڵاتێکی تر، خوارو ژوور، سیستەمەکەیان هاوشێوەی ئێمەیە: فرەنسا، نەمسا، فینلاند، پورتوگال، ئایسلاند، ئیرلاند، فەلەستین... بەو مانایە، هەم پەرلەمان راستەوخۆ و بەدەنگدانی نهێنی لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ و هەم سەرۆکی وڵات. لەهەمانکاتدا، سەرۆکی حکوومەت، لە بەرانبەر ئەنجوومەنی نوێنەراندا بەرپرسە، واتە پەرلەمان وەک چۆن متمانە بە کابینە دەدات، ئاواش دەتوانێ متمانەکەی لێ وەرگرێتەوە. بەڵام وەک سەرنج لە دەستووری ئەو وڵاتانەی لە سەرەوە ناومان بردوون دەدرێ، دەبینەدرێ هەندێکیان زێتر لە سیستەمی سەرۆکایەتی نزیک دەبنەوەو هەندێکیشیان زێتر لە سیستەمی پەرلەمانیی تەقلیدی (نموونەی بەریتانیا) نزیک دەبنەوە.

دیارە، سیستەمی سیاسیی لە تورکیا، پەرلەمانیی کۆماریی عەلمانیی دیموکراتییە. سەرکۆماری ئەو وڵاتە، بۆ ماوەی حەوت ساڵان لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە هەڵدەبژێردرێ و ئەگەر لە ئەرک و دەسەڵاتەکانی وردببینەوە، دەبینین دەسەڵاتەکان کەم نین و کەسیش نییە، بڵێ ئەو دستوورە دیکتاتۆر دروست دەکات. ئاخر لە دەستووردا، دەسەڵاتەکان، لەنێوان هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریدا هاوسەنگکراون، هەر ئەوەش لە سیستەمی پەرلەمانیدا دەخوازرێ، بێ لەوە هەم هاریکاریی یەکدی دەکەن و هەم چاودێریشن بەسەر یەکەوە. لێرەدا بۆ بەراورد ئاماژە بۆ دەستووری تورکیا دەکەین.

دەستووری کۆماری تورکیا، لە فەسڵی دووەمدا کە تایبەتە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، لە ماددە (104)دا ئەرک و دەسەڵاتەکانی سەرکۆماری دیاریکردووە. هەڵبەت وەکو دەزاندرێ سەرکۆمار، لەناو ئەنجوومەنی گەورەی میلیی تورکیا (پەرلەمان) هەڵدەبژێردرێ و دەکرێ کاندیدی سەرۆکایەتی، هەم ئەندامی پەرلەمان بێ و هەم هەر

هاووڵاتییەکی تری دەرەوەی پەرلەمان بێت، بە شەرتێ ئەو مەرجانەی تێدابێ، کە بۆ سەرۆکایەتی و بۆ خۆکاندیدکردن بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی گەورەی میللیی تورکیا دانراون. سەرکۆماری تورکیا بەو دەسەڵاتانەشیەوە، سروشتی سیاسیی حوکمڕانی لە تورکیا پێ ناگۆڕێ.

لێ لە هەر وڵاتێکدا، ئەو سیاقەی دەستوورەکەی تێدا دەنووسرێ، زۆر شت بۆ خۆی فەرز دەکات. نموونەی ئەو سیاقە تایبەتە، فەرەنسای سەردەمی دیگۆل و نووسینەوەی دەستووری 1958 و دەسەڵاتی فەلەستین و هەرێمی کوردستان- عێراق کە هەر یەک لەوانە وای فەرز کردووە، جۆرێ لە تایبەتمەندی بە دەستوورەکەیانەوە دیار بێت.

بەر لەوەی قسە لەسەر دەسەڵاتەکان بکەین، با ئەم ماددەیەی خوارەوەی دەستووری تورکیا و ماددە (65)ی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان پێکبگرین و دواتر با حوکمێک بدەین.

**- ئەرک و دەسەڵاتەکانی سەرکۆماری تورکیا**

**ماددە 104:** سەرکۆمار، سەرۆکی دەوڵەتە. بەو سیفەتە، سەرکۆمار نوێنەرایەتیی کۆماری تورکیا و یەکێتی نەتەوەی تورکی و دەستەبەری جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە دەکات و ئەرکگەلی وەزیفەیی دامودەزگاکانی دەوڵەت رێک و هەماهەنگ دەکات. بۆ ئەم مەبەستە، ئەو ئەرکانەی کە رایاندەپەڕێنێ و ئەو دەسەڵاتانەی کە پراکتیزەیان دەکات، بەگوێرەی ئەو مەرجانەی کە لەو ماددانەی ئەم دەستوورەدا هاتوون و پێوەندییان بەو ئەرک و دەسەڵاتانەوە هەیە:

**- ئەو ئەرک و دەسەڵاتانەی پێوەندییان بە یاسادانانەوە هەیە:**

- ئەگەر سەرکۆمار بەپێویستی زانی بۆی هەیە لە کردنەوەی ئەنجوومەنی گەورەی میللیی تورکیا لە یەکەم رۆژی ساڵی تەشریعیدا، ئامادە بێ و وتار بدا،
- هەرکاتێ بەپێویستی زانی، بۆی هەیە داوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گەورەی میللیی تورکیا بکات،
- دەرکردنی قانوونەکان،
- گەڕاندنەوەی قانوونەکان بۆ ئەنجوومەنی گەورەی میللیی تورکیا بۆ پێداچوونەوەیان، یان هەرکاتێ خۆی بەپێویستی بزانێ ئەو قانوونانەی کە پێوەندییان بە هەموارکردنی دەستوورەوە هەیە، بخاتە بەردەم راپرسی "ریفراندۆم"ەوە،
- پەنابردن بۆ دادگای دەستوری بۆ بەتاڵکردنەوەی تەواوی یان بەشێکی ئەحکامی قانوونەکان و ئەو جاڕنامانەی کە هێز و بڕستی قانوونییان هەیە و بنەما کارڕاییەکانی ئەنجوومەنی گەورەی میللیی تورکیا، لەسەر بنەمای دەستووریی نەبوونیانەوە لە رووی فۆرم و نێوەڕۆکەوە.
- جاڕدان بۆ سازکردنی هەڵبژاردنی گشتیی ئەنجوومەنی گەورەی میللیی تورکیا.

**- ئەوانەی کە پێوەندییان بە ئەرکگەلی جێبەجێکردنەوە هەیە:**

- دامەزراندن (تعیین)ی سەرۆکوەزیران و پەسندکردنی دەست لەکارکێشانەوەی.
- دامەزراندن و دەست پێ لەکارکێشانەوەی وەزیرەکان لەسەر پێشنیاری سەرۆکوەزیران.

- سەرۆکایەتیکردنی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران، یان هەرکاتێ بەپێویستی بزانێ داوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی خۆی بکات.
- بەڕێکردن و دەسەڵاتدان بە نوێنەرانی دەوڵەتی تورکیا لە لای وڵاتانی بیانی و وەرگرتنی (اوراق الاعتماد)ی نوێنەرانی وڵاتانی بیانی لە جەم دەوڵەتی تورکیا.
- موسادەقەکردن لەسەر پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و دەرچواندنیان.
- نوێنەرایەتیکردنی سەرکردایەتیی باڵای سەربازیی هێزە چەکدارەکانی تورکیا لەبری ئەنجوومەنی گەورەی میلليی تورکیا.
- بڕیاردان لەسەر سازدان (تعبئە)ی هێزە چەکدارەکانی تورکیا.
- دامەزراندنی سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیا.
- داواکردن بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی.
- سەرۆکایەتیکردنی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی.
- ڕاگەیاندنی قانوونی عورفی، یان باری لەناکاو و دەرکردنی ئەو (مرسوم)انەی کە هێزی قانوونییان هەیە، بەپێی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران کە خۆی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی کردبێ.
- ئیمزاکردنی (مەرسوم)ەکان.
- لێخۆشبوون بەتەواوی یان بەشێکی ئەو ئەحکامە سزاییانەی کە بۆ تاکگەلێکی دیاریکراو بڕاونەتەوە، جا لەبەر نەخۆشیی درێژخایەن بێ، یان لەبەر پەککەوتن، یان پیری و بەساڵاداچوون.
- دامەزراندنی ئەندامان و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرپەرشتکاریی دەوڵەت.
- ڕێنوێنی دەرکردن بۆ ئەنجوومەنی سەرپەرشتکاریی دەوڵەت کە لێوەکۆڵین و پشکنین و بەدواداچوون بکەن.
- دامەزراندنی ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵای خوێندن.
- دامەزراندنی سەرۆکی زانکۆکان.

**- ئەو ئەرک و دەسەڵاتانەی پێوەندییان بە دەسەڵاتی دادوەرییەوە هەیە:**

- دامەزراندنی ئەندامانی دادگای دەستووری.
- دامەزراندنی یەک لەسەر چواری ئەندامانی ئەنجوومەنی دەوڵەت.
- دامەزراندنی سەرۆکی داواکاری گشتی و جێگری سەرۆکی داواکاری گشتیی بۆ دادگەی باڵای تێهەڵچوونەوە.
- دامەزراندنی ئەندامانی دادگای باڵای تێهەڵچوونەوەی سوپایی.
- دامەزراندنی ئەندامانی دادگای باڵای ئیداریی سوپایی.
- دامەزراندنی ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵای دادوەران و داواکارە گشتییەکان.
- هەروا سەرکۆمار دەسەڵاتەکانی هەڵبژاردن و دامەزراندن، ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەش بەئەستۆوە دەگرێ، کە بە گوێرەی دەستوور و قانوونەکان دەخرێنە ئەستۆیەوە.

**مادده** 105: دەبێ تەواوی ئەو مەرسوومە کۆمارییانەی، بێ لەو مەرسوومانەی کە ڕێگە بە

سـەرکۆمـار دراوە بـەتـەنیـا خـۆی بـەبـێ ئیمـزای سەرۆکوەزیران یان وەزیری پێوەنددار بەگوێرەی ئـەم دەسـتوورە و قانوونگـەلـی تـر دەریـان بکـات، ئیمزای سەرۆکوەزیران و وەزیرە پێوەندداره‌کانیان پێـوەبـێ. لـەو بـارەدا سـەرۆکـوەزیـران و وەزیـرە پێوەنددارەکان بەرپرسیار دەبن لەو مەرسوومانە.

هـەر بڕیـار و فـەرمـانێکی سـەرکۆمـار بـە دەسپێشخەری خۆی و لەسەر بەرپرسیاریەتی خۆی دەری کردبن، ئەوا نابێ لە بەردەم هیچ دەسەڵاتێکی قـانوونی بـە دادگـای دەستووریـشەوە، تێهەڵچوونەوەی بۆ بکرێ.

دەکرێ لـە حاڵـەتی خیانـەتی مـەزنـدا، بـەپێی پێـشنیاری یـەک لـەسـەر سـێی ژمـارەی گـشتی ئـەندامانی ئـەنجوومـەنی گـەورەی میللیی تورکیا، تۆمەت ئاراستەی سـەرکۆمـار بکرێ و بـەبڕیـاری سێ لەسـەر چواری تـەواوی ئـەندامانیش تاوانبـار (ئیدانە) بکرێ.

سـەرکۆمـاری تورکیـا کـە پـەرلـەمـان خـۆی هـەڵیبـژاردووە، تـەنیا لـە یـەک بـاردا دەتـوانێ تۆمـەت ئاراستەی سەرکۆمار بکات و ئیدانەی بکات، ئەویش لە باری خیانەتی مەزندا. هـەرچی رەشنووسی هـەرێمی کوردسـتانە، ئـەوا لـە (3) بـاردا دەکـارێ تۆمـەت ئاراستەی سەرۆکی هەرێم بکات ئەوانیش بریتین لە خیانـەتی مـەزن، پێشێلکردنی سوێندی دەسـتووری و پێشێلکردنێکی مەترسیداری دەستوور خۆی.

(5)ەمدا، باس لە سەرکۆمار و حکوومەت کراوە. لە بڕگـەی 54دا، بـاس لـە هـەڵبژاردنـی راسـتەوخـۆی سەرکۆمار لە رێگەی دەنگدانی نهێنییەوە بۆ ماوەی 6 سـاڵ دەکـات. یـەکـەم مـەرج، دەبێـت کاندیـد بـۆ پۆسـتی سـەرکۆمـار هـاووڵاتیی فینلانـدی و لـە دایکبووی سـەر خـاکی فنیلاندا بێ. بۆ یـەک دەورە مـافی بوونـەوە سـەرکۆمـاری هـەیـە، واتـە بەسـەریـەکەوە ئـەگـەر هـەڵببژێردرێتـەوە 12 سـاڵ دەتـوانێ سـەرکۆمـاریی بکات. ئـەو کـەسـە دەکـارێ خـۆی بپـاڵێوێ کـە حزبێکـی سیاسـیی تۆمـارکراو و مۆڵەت پێدراو پشتەوانی بکات کە بەلانی کەمەوە یەک نوێنـەری لـە نوێترین هـەڵبژاردنی پـەرلـەمانیدا هـەبێـت یـان گروپێکـی 20000 کـەسـی کـە مـافی دەنگدانیان هەبێت پشتیوانی لێ بکەن. ئەو کەسـە بە سـەرۆک هـەڵـدەبژێـردرێ، کـە نیـوەی پتـری ئـەو دەنگانە بهێنێ کە بەشداریان لە دەنگداندا کردووە.

لە دەستووری (پورتوگال)یشدا، کە سـەرکۆمـار راسـتەوخـۆ و لـە رێگـەی دەنگـدانی نهێنییـەوە هـەڵـدەبژێـردرێ، وەکـو لـە مـاددە (127)دا هـاتووە، دەبێ بـەلانیکەمـەوە (7500) دەنگدەر پشتەوانی لێ بکـەن، تـا دادگـەی دەسـتووریی ئـەو وڵاتـە فـۆرمی خۆپاڵاوتنی لێ وەربگرێ و دەبێت سـەرۆک نیوەی ئـەو دەنگـە راسـتانە بهێنـێ کـە بـەشـداریان لـە هەڵبژاردندا کردووە.

**- مەرجەکانی خۆپاڵاوتن:**

هاوکـات، هـەقـە خۆکاندیـدکردن بـۆ پۆسـتی سەرۆکایەتی بێ مەرج نەبێت. لە دەستووری فینلاند کـە سیستەمـەکـەی هاوشێوەی ئێمـەیـە، لـە فـەسڵی